## لیستی بەڵگەنامە پێویستییەکانی پێشکەشکردن بۆ
## خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی

١. بڕوانامەی بە نمرەی بەکالۆریۆس (ڕەسەن + ٢ دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ).
٢. ڕەگەزنامە (ڕەسەن + ٢ دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ).
٣. ناسنامەی باری شارستانی (ڕەسەن + ٢ دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).
٤. کارتی زانیاری (ڕەسەن + ٢ دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).
٥. کارتی نیشتیمانی (لە کاتی هەبوونی کارتی نیشتیمانی ئەوا پێویست بە بەڵگەنامەکانی خاڵی (٢+٣)ی سەرەوە ناکات ( وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).
٦. بۆ پێشکەشکارانی بیانی، پاسپۆرت (ڕەسەن + ٢ دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).

تێبینی/ وێنەی ڕەسەنی بەڵگەنامەی خاڵی (٢+٣+٤+٥)ی سەرەوە تەنها بۆ بینین و بەراوردکردنە لەگەڵ وێنەی کۆپیکراو لە لایەن فەرمانبەر پەیوەندیدار لە زانکۆ، دوای بەراوردکردن ڕاستەوخۆ دەدرێتەوە بە پێشکەشکار.

٧. چوار وێنەی بچووک ڕەنگاو ڕەنگ (پشتی سپی بێت).
٨. فۆرمی پێشکەشکردن (١ دانە ڕەسەن + دوو دانە کۆپی).
٩. بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی (ئەگەر هەیە) وەکو (IELTS) یان (TOEFL-iBT) یان (TOEFL-PBT) یان (Pearson Academic-PTE) یاخود بڕوانامە/پشتگیری خولی سەنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکان بەدەست هاتووە (وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ).
١٠. کەسوکاری پلە (١) یەکی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان، پێویستە پشتگیری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بە واژووی بەڕێز وەزیری شەهیدان و ئەنفاڵکراوانی هەرێمی کوردستان هاوپێچ بکات.
١١. پسوولەی دارایی بە بڕی (١٥٠٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دیناری عێراق هاوپێچ بکرێت کە ناگەڕێتەوە بۆ پێشکەشکار.
١٢. بۆ فەرمانبەران و کارمەندانی دامەزراو بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە بوارەکانی ڕاژەی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە وەزارەتەکان یان دامووەدزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، پێویستە نووسراوی لاری نەبوون (عدم ممانعة) + پوختەی ڕاژە لە وەزارەتەکەی یان دامەزراوەکەی بە واژۆی بەڕێز وەزیر یاخود بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکەی کە دەسەڵاتی پێدراوە بهێنێت لە کاتی پێشکەشکردن کە تیایدا نووسرابێت:

[ وەزارەتەکەی یان دامەزراوەکەی یاخود فەرمانگەکەی لاری نییە کە بەڕێز (.........) بە ناونیشانی وەزیفی (.....) پێشکەشی خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی یان دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی یاخود ماستەر بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ بکات و لە کاتی وەرگیرانی ناوبراو لە خوێندن، ئەوا مۆڵەتی خوێندنی بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (تفرغ تام) پێ دەدرێت بە مەرجێک ئەگەر هاتوو ناوبراو لە پێشبرکێی پلانی مۆڵەتی خوێندن سەرکەوتوو بێت بە پێی ناوەرۆکی هاتوو لە پەیڕەوی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدانی مۆڵەتی خوێندن و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدانی مۆڵەتی خوێندن.]

١٣. بۆ ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە بوارەکانی راژەی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هیچ وەزارەت و دامووەدزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ، ئەوا پێویستە بەڵێننامە لە لایەن پێشکەشکار لە (بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) لە سەرۆکایەتی زانکۆ پربکرێتەوە و تیایدا ئەم دەقە نووسرابێت:-

[من کە ناوم لە خوارەوە هاتووە دانەمەزراوم بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە بوارەکانی راژەی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هیچ وەزارەت و دامووەدزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بە پێچەوانەوە لە کاتی ئاشکرابوونی کە ئەگەر فەرمانبەر/کارمەند بم لە هەر وەزارەتێک یان دامووەدزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان یان عێراق، ئەوا ئامادەم ناوم لە خوێندن بسڕێتەوە و ڕێکاری یاساییم بەرامبەر بگیردرێتە بەر.]

١٤. بۆ ئەو پێشکەشکارانەی کە لەسەر کورسی پارالێل پێشکەشی دەکەن، پێویستە بەڵێننامە لە (بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) لە سەرۆکایەتی زانکۆ بدەن کە تیایدا کە ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەکەی لە ئەستۆ بگرێت.

١٥. ئەگەر هاتوو پێشکەشکار خوێندنی بەکالۆریۆسی لە زانکۆکانی دەرەوەی عێراق تەواو کردبێت، ئەوا پێویستە بڕیاری یەکسانکردنی بڕوانامەکەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان و هەروەها فەرمانی کارگێری دەرهێنانی کۆنمرەی بەکالۆریۆس بە سیستمی عێراق لە وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستانی هاوپێچ بکات.

١٦. گشت پێشکەشکاران پێویستە بەڵێننامە لە (بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) لە سەرۆکایەتی زانکۆ بدەن و بەم شێوەیەی خوارەوە:

من کە ناوم لە خوارەوە نووسراوە و واژووم کردووە، <u>بەڵێن دەدەم:</u>

١. لە ئێستادا قوتابی/خوێندکاری خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی و ماستەر *نیم لە هیچ زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵات و لە هیچ زەمالەیەکی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق ناوم دەرنەچووە.
٢. سڕینەوەی ناو (ترقین قید)م بۆ نەکراوە لە خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی و ماستەر* لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ.
٣. هەموو ئەو زانیاریانەی لە فۆرمی پێشکەشکردن پڕم کردۆتەوە زانیاری ڕاست و دروستن و ئەگەر زانیاری نادروستم نووسیبێت ، ئەوا ئامادەم ناوم لە خوێندن بسڕێتەوە و ڕێککاری یاساییم بەرامبەر بگیردرێتەبەر بە پێی یاسا و پەیرەو و ڕێنماییە بەرکارەکان، بۆیە لە خوارەوە واژۆم کرد.

* تەنها ئەو جۆری ئەو خوێندنە بنووسرێت کە پێشکەشی دەکەیت نەوەك هەر سێ جۆرەکانی خوێندن.

تێبینی/
ئەگەر پێشکەشکار سڕینەوەی ناو (ترقین قید)ی بۆ کرابوو لە یەکێک لە زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵات، پێویستە (٣) سێ ساڵ بەسەر ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی سڕینەوەی ناوی تێپەڕبووبێت، ئینجا مافی پێشکەشکردنی هەیە.